کارەبای هەرێم : لە داهاتوویەکی نزیکدا پڕۆژەی رووناکی هەموو کوردستان دەگرێتەوە

کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، سەردانی بەشی فرۆشیاری وزەی کارەبای 2ی لە هەولێر کرد و سیستەمی نوێی (پرۆژەی رووناکی) و بە دیجیتاڵیکردنی خزمەتگوزاریی فەرمانگەکەی بەسەرکردەوە کە ڕێی لە ئاسانکاری بە هاوڵاتیان و کەمکردنەوەی ڕێتین هەیە .

وەزیری کارەبا دەستخۆشی لە ستافی بەشی فرۆشیاری وزەی کارەبای 2ی لە هەولێر کرد و ئومێدی خواست هەنگاوەکانیان بە پێشخستن و فراوانکردنی خزمەتگوزاری بکرێن و ڕێتینەکان کەم بکرێنەوە و ئامادەیی هەموو کارئاسانییەکی خێی و وەزارەتەکەشی بە راپەراندنی کارەکانیان دەربڕی .

دواتر لە نزیکەوە لە وردەکاریی سیستەمەکە و کارەکانی پرسیەوە، کە بە شێوازێکی باش بەڕێوە دەچێت و سوپاسی تیمی وەزارەتی کرد و هیوای خواست هەنگاوەکان خێراتر بکرێن .

هەر لەم سەردانەیدا، بەدواداچوونی بە هەنگاوەکانی ئەزموونی پڕۆژەی ڕووناکی بە دابینکردنی کارەبای 24 کاتژمێری کرد، کە پێشوازییەکی باشی لەلایەن هاوڵاتیان لەکراوە و پڕۆژەکەش لە داهاتوودا

سەرانسەری هەرەمی کوردستان دەگرێتەوە .